به بۆنەی بیست و هەشتەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# من وەک خوێنەرێک لەو سەردەمەدا بە تاسەوە چاوەڕێی دەرچوونی ژمارەیەکی نوێی ئەو گۆڤارەم دەکرد.

**بەکر عەلی**
**(ئەڵمانیا)**

لە ڕۆژگاری تەنگانەدا، کە مرۆڤەکان بەهانای دابینکردنی بژێوی خۆیانەوەن، مایەی سەرسامییە تاکوتەرا مرۆڤگەلێک هەبن، پتر خەمی دابینکردنی دیوە ڕۆحییەکەی مرۆڤەکانیان هەبێت. ساڵانی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ سەخت و دژوار و نائومێدکەر و تاریک بوون، گەمارۆی ئابووری، شەڕی ناوخۆ، تەنگژەی بەدوای تەنگژەی کوردستان، ترووسکاییەکیان بۆ بایەخدانی ئێمە بە دروستکردنی شارستانیەت نەهێشتبووەوە، چونکە هەموومان بەر لە هەر شت، پتر مشووری مانەوە و بژێویمان دەخوارد، بەڵام وەک چۆن نیتشە دەڵێت: گیا لە شەودا پێ دەگات، ئاوا لەو شەوگارەدا چەند چڵەگیایەکی ڕۆحی سەوز بوون، گۆڤاری ئازادی، گۆڤاری بوون و گۆڤاری ڕامان.

ئەگەرچی گۆڤاری (ڕامان) لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە دەرکەوت، بەڵام توانیویەتی تاوەکوو ئەمڕۆش بێ پسانەوە لەو کاروانەی دەستی پێ کردووە، بەردەوام بێت.

من وەک خوێنەرێک لەو سەردەمەدا بەتاسەوە چاوەڕێی دەرچوونی ژمارەیەکی نوێی ئەو گۆڤارەم دەکرد. بەهۆی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکە لەلایەن مامۆستا ئازاد عەبدولواحیدەوە، هیچ شکم لەوە نەبوو کە گۆڤارێکی سەنگین دەخوێنمەوە. ئێمە نابێت نکوڵی لەوە بکەین کە زۆر جار تاکەکەسێک دەتوانێت ببێتە پێوەرێکی چاک بۆ هەڵسەنگاندنی کوالێتی قەوارەیەک، لەم دیدگایەوە، هەم منیش و هەم هاوڕێیانی ئەو سەردەمە، بەو شێوەیە دەمانڕوانییە گۆڤاری ڕامان، بۆیە بەپێی دەرفەت و توانایی خۆم هەمیشە هەوڵم داوە، بە بابەتێک بەشداری تێدا بکەم، ئەمەش ڕێک لەسەر ئەو هەڵسەنگاندنە خۆی هەڵچنیوە، کە ئەمە بۆ خودی ئازاد عەبدولواحید هەمان بوو، چونکە شتێکی ئاشکرا بوو لەلامان، لەنێو ئەو نووسەرانەی لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا، بەجۆرێکی نوێ دەرکەوتن و توانیان ڕوانگەیەکی نوێی ئیستێتیکی دابهێنن، بەجۆرێک کە ئەو نەوەیەی بەدوای ئەودا هات، کە من سەر بەوانم، بکەونە ژێر کاریگەرییان و فێری ئەوە ببن نوێ و سەربەست بیربکەنەوە. من خۆم وەک خوێنەری

ئەدەبیاتی ڕەخنەیی کوردی لەو ساڵانەدا، تەنیا ئازاد عەبدولواحید شک دەبەم.

لەو سەردەمەدا لەنێو ئەو هەموو نووسەرانەدا، هەستمان بەجیاوازی مەرەکەبی نووسینی ئەو دەکرد. دیار بوو ئەو بە نەفەسێکی جیاواز دەنووسێت، ئەو پەنجەرەیەکی جیاوازی بۆ ڕەخنەی ئیستێتیکی واڵاکردبووەوە، کە لەکایەکەدا پێشتر نەکرابووەوە. هەر لەو قۆناغەوە من دەرکم بە ڕەسەنایەتی و بە ناوازەیی نووسین و بابەتەکانی ئازاد عەبدولواحید کرد و گەلێک جاریش ئیلهامی پێ دەبەخشیم، بەتایبەتی ئەو نووسینانەی دەربارەی شێخ نووریی شێخ ساڵح و محەمەد عومەر عوسمان لەو سەردەمەدا جگە لەوەی نوێگەرانە بوون، زۆر بوێرانەش بوون.

هەڵبەتە یادەوەری کولتووریمان ئەگەر ئەرشیڤێکی ماتریالی هەبێت، ئەوە دەبێت ئاماژە بە لاپەڕەکانی ئازاد عەبدولواحید بدات. ئەو یەکێکیشە لە یەکەمین ئەو ئەدیبانەی کە بایەخێکی فراوانیان بە ئەدەبیاتی بوونگەرایی داوە و لەو خەباتەشیدا ڕووبەڕووی پەلاماری توندڕەوی چەپە قەییمییەکانیش بووەتەوە. من هێشتا نەوجەوانێک بووم کاتێک دەمانبیست کە هۆزی مارکسییە دڕەکان پەلاماریان داوە، ئیتر قێزمان لەهەموو ئەدەبیاتەکەشیان دەهاتەوە.

وا پتر لە نیو سەدەیە ئەو لەو بوارەدا، وەک ڕۆحێکی سەربەست خەبات لەپێناوی گەشەکردنی فەرهەنگییانەی ئەو کایەیە دەکات و ئەرشیڤێکی دەوڵەمەندیشی لەڕێی گۆڤارە سەنگینەکەی (ڕامان)ـەوە هەم پاراستووە و هەم ئەفراندووە.

لێرەوە هیوای تەمەندرێژییان بۆ دەخوازم، ئێمەش تا ئاو لەدووی بێڵمانەوە بێت، دێین.

بێرلین